

هۆشیاری عەبدولعەزیز

کورتیلە چیرۆك

## کەن

بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ لەرێ ورۆیشتنەکەیدا قەڵەم باسکی بوو.لەیەك هڵهێنانەوەدا هەنگاوەکانی ببونە دوو هەنگاو.ئێوارەیەکی شووم ونەعلەتییە چۆن ئەو رێگا دوورو پڕ هەڵەتە تەی کەم وبیگەمێ.ئاخر رۆژ بڕابوو ئەمڕۆ نەبێ ،خۆ دەیتوانی سبەی زوو هەڵسێت وبەڕێکەوێ ومنیش تووشی ئەم نەگبەتیە نەکات.سەدان هەنگاو قاچەکانی ئەمیان هەڵدەگرت وفڕێ دەدا.تا ئەو ساتەی لە کەنە هەزار بە هەزارەکەی هەڵدێراو چیتر نەیگەیشتێ.

## شەوێك

بە سەر دوو پەنجەی ئەو دەستەی کە خستبویە سەر سنگی.گۆی مەمکی لای راستی تۆزێك جولاَندو ختوکەی دا.لەبەر خۆیەوە هەندێ وشەی بێسەروبەری هەڵبزرکاند،رەنگە من پەریەکی خەونە ووشك هەڵهاتوەکانی سەر لە ئێوارەیەکی ئەو ببم و..نا .نا وانییە،من لە لای ئەو تەنیاترم لە هەموو کەس تەنانەت لە خۆیشی.کپبوونێك سەراپای جەستەوتێفکرینی ئەمی تەنی.تەنها جووڵە لە پێڵوی چاوەکانیدا نەبێ هیچی تر نەئەجوولاَ.بێ مەبەست روانیە پەنجەرەکەی بەرامبەری لە گەل تیشکی گڵۆپە رەنگ پەڕیوەکەی بەرماڵیاندا فرمێسکی باران بە لێزمە دادەباری وتێپەڕ دەبوون.
لە بینینی ئەو بەزمەدا ویەك سەر هەستی کرد گۆی مەمکەکانی لە دوو توێی پەنجەیدا قووت هەڵهاتوون وتوند بووە.شەوێکی ساردە...ئەمە دوا دێڕی ئەو چرکە ساتە بوو.

## چەند چرکەیەك

دوای کەمێك بێدەنگی ومتبوون .هەڵی دایە ئەزانم تۆ لە ژنانەیت گەر لوتفت لە سووتوی جگەرەی پیاوێکەوە بۆبێت لە خۆشیاندا کەڵکەڵە دەکەی ودەیکەیە شایی،ئەمە چی حەسرەت وچێژێکە خووت پێوە گرتوە بێدەنگی داپۆشی ،ئەرێ تۆ بۆ هێندە دڵڕەق وقسە ووشکی سووتوی چی وحەسرەت وچێژی چی؟ بۆ نازانی من تا ئێستاش جگە لە..باشە ئەزانم باسی شاهۆ دەکەی بەسە بیبڕەرەوە برۆ کەمێك قژت داهێنە وا باوکت چاوەڕوانە.

## قومێك لە پێکی خۆشەویستی

پاش ئەوەی پاکەتەکەی هەڵپچڕی وجگەرەیەکی دەمدا زۆر بەلەسانە دەستی دایە پێکە وێسکیەکەی بەردەمی وبەیەك هەڵدان فڕیکرد ،تێناکەم ئەو قسانە چی بوون بەڕویدادام،من خۆم ترسنۆك بووم یان بەڕاستی وبێشاردنەوە قسەکانی ئەو کچەتیوە شێواندبومی.تۆ بڵێی قسەی فالگرە لەڕو لاوازە شەق وشڕەکە کە خەریکی قاوە گرتنەوەو شتی لەو جۆرەیە راست بێت کە وتی:عشق وخۆشەویستی لای تۆ لە قومێکی ئەم پێکەوە سەرچاوە دەگرێ.سەیرە خۆ قسەیەکی بێ سەروبەرو بێ مانایە، بەلاَم تۆ بڵێی لە قومی پێکێکی ئاواوە تام وچێژی خۆشەویستی بکەم.